# پــــارێزگای سلێمانی

**کۆدی پرۆژە** [(SUL. G. (3120)] **ساڵی** 2017

**کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی (کراوە)**

## بۆ پرۆژەی: - کاری ئامادەکردنی خواردنی (دەزگا تەندروستییەکانی سنوری بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵ و دەربەندیخان) وە نەخۆشخانەی سووتاوی و نەشتەرگەری جوانکاری ) لە سلێمانی

**پــــارێزگای سلێمانی** بانگهێشتی کراوە بۆ سەرجەم کۆمپانیا وبەڵێندەران دەکات کە ئارەزووی بەشداری کردنیان هەیە بۆ ئەم کەمکردنەوە نهێنییە. جا هەر بەڵێندەرێک ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لەم کــەمکردنەوەیە با سەردانی بینایی پــــارێزگای سلێمانی (کاروباری هونەری/ ب.گریبەستەکان/ فرۆشتنی تەندەر) بکات لە نهۆمی زەمینی، بە مەبەستی وەرگرتنی تەندەر بەرامبــەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزاردیناری عێراقی کە ناگەڕێتەوە بۆ بەڵێندەرو کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو بەڵێندەرەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت..

1 - وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (٢٠١٨/٦/١٢) دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (٢٠١٨/٧/٢) لەکاتژمێر (٩) ی سەر لە بەیانی تا کاتژمێر (١٢:٠٠)ی نیوەڕۆ .

٢ - ڕۆژانی گەڕاندنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت تا (٢٠١٨/٧/٥) کاتژمێر (١٠:٠٠) ی پێش نیوەڕۆ دەبێت .

٣ - ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژی (٢٠١٨/٧/٥) دەبێت دوای داخستنی صندوقی تەندەر.

٤-ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکە بریتیە لە: (٣٦٥) سێ سەدوشەست و پێنج ڕۆژ (ڕۆژمێری) .

٥- ئەگەر ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر بوو بە پشوی ڕەسمی بە هەر هۆیەکەوە بێت، ئەوا یەکەم ڕۆژی دەوامی دوای پشوەکە دەبێت.

٦- پێویستە بەڵێندەر لە کاتی نەگەڕاندنەوەی تەندەر نامەی لێبوردن (اعتذار) پێش کەش بکات وە تیایدا هۆکاری نەگەڕاندنەوەی تەندەرەکە دیاری بکات .

٧- پێوستە بەڵێندەر لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر ئیمەیڵ (email) ی تایبەت بەخۆی پێشکەش بکات.

٨- پێویستە لەسەر بەڵێندەر پابەندی ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (٢) ی ساڵی (٢٠١٦) بێت.

٩- پێویستە کۆمپانیاکان لەدوای بەرواری پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بە بەردەوامی سەردانی کاروباری یاسا بکەن لە ب. گرێبەستەکانی پارێزگا بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر ئەسپاردەکردنی پرۆژەکە وپاڵپشت بەمادەی (٣٧) برگەی (٢) لە ڕێنمایی جێبەجێکردنی گرێبەستە گشتیەکان ژ (٢) ی ساڵی (٢٠١٦).

١٠- کۆمپانیا بۆ هەر پرسیارو ڕوونکردنەوەیەک لەسەر دەرختەی پرۆژەکە دەتوانێت سەردانی ب .گشتی تەندروستی سلێمانی بکات.

## ((مەرجەکانی بەشداری کردن))

١- - ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرە ناوخۆیانەی بەشداری دەکەن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنیان هەبێت و تایبە تمەندبن لە بواری خزمەتگوزاری ئامادەکردنی خواردن .

٢- ئەو کۆمپانیا و بەڵێندەرە نیشتمانیانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن پێوستە تۆماربن و پشتگیری کردنەوەی لقیان هەبێت لە لایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم .

٣- ئەو کۆمپانیا بیانیانەی کە بەشدار دەبن پێویستە بڕوانامەی دامەزراندنی لقیان هەبێت لەلایەن وەزارەتی بازرگانی هەرێم.

٤- ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت بهێنن بۆ ساڵی٢٠١٨.

٥- هیچ تەندەرێک لە دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت و صندوقی تەندەر دادەخرێت .

٦- پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکانی سلێمانی کرابن بۆ ساڵی ٢٠١٨.

٧- بارمتەی سەرەتایی / بەڵێننامەی نوسراو بۆ دەستەبەرکردنی تەندەر .

٨- پێویستە بەڵێندەر یان کۆمپانیا ئامادەی کردنەوەی تەندەر بێت یان نوێنەرێک بە نووسراوی فەرمی دیاری بکات و ئەگەر ئامادەش نەبێت پرۆسەی کردنەوەی تەندەر بەردەوام دەبێت .

٩- مەرج نییە پرۆژەکە بۆ کەمترین نرخ ئەسپاردە بکرێت.

١٠- ماوەی بەسەرچوونی تەندەر (90) ڕۆژە لەدوای بەرواری داخستنی صندوقی گەڕاندنەوەی تەندەر.

١١- دوای داخستنی صندوقی تەندەر هیچ نامەیەکی خۆپارێزی (تحفظ) کاری لەسەرناکرێت و ڕەت دەکرێتەوە.

١٢- پارێزگای سلێمانی مافی هەڵوەشاندنەوەی پرۆسەی تەندەری هەیە پێش دەرچونی فەرمانی سپاردن .

**د.هەڤاڵ ئەبوبکر**
**پارێزگاری سلێمانی**
٢٠١٨/٠٦/

وێنەیەک بۆ:

- بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا.
- وەزارەتی دارایی و ئابووری / ب . گشتی ژمێریای / گەنجینەی /٢ سلێمانی / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر / هەروەها لە کاتی شی کردنەوەو سپاردن .
- ب. گ. **تەندروستی سلێمانی** / بۆ ئامادەبونی نوێنەرتان لە کاتی کردنەوەی تەندەر/ هەروەها لەکاتی شیکردنەوەو سپاردن.
- سایتی پارێزگا
- ب . ژمێریاری / لەسەر بودجەی ب. گشتی تەندروستی سلێمانی.
- یەکێتی بەڵێندەران/ بۆ ئاگاداریتان.
- فەرمانبەری تایبەت بەکاری بڵاوکردنەوە لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بۆ کاری پێویست.
- سکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەر.
- بۆ بینینیی ئەم بانگەوازە سەردانی ماڵپەڕی . www.slemani.gov.krd بکە .
- بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەسەر تەندەری پرۆژەکە پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٥٣٣١٩٣٩٧٣) وە بکەن لە پارێزگا / کاروباری تەندەر

یان slemani.gov.tendering@gmail.com : email

| ئە. ئامادەکردنی تەندەر | ئە. چێکی تەندەر | ڕەزامەندی ل.کاروباری تەندەر بۆ بانگەواز | ڕەزامەندی ب.گرێبەستەکان بۆ بانگەواز |
| --- | --- | --- | --- |